# بۆ ئەوان کە دەیانناسم

عەلی نارێنی
alinarini@yahoo.com



## بەکر دەرویش

بۆ ئەوەی داهێنەر بی
هەمیشە بە زمانی عیشق بنووسە
دەنا هەموو زمانەکانی تر
شیعریان پێ نوسراوەو
رێزمانیان پێ شیکراوەتەوە

## شاخەوان سدیق

دوا دیمەن
کە هەردەم بخوازە ببیبینی
دوو عاشقی
نسێی
دارێکی تەنیای
بەر پرشنگی
خۆری
سەر کەلی
ئاوابوونی
دەم ئێوارەیە

## شێخ سدیق

عیشق نەبێ
شەڕی مانەوەمان پێ ناکرێ
عیشق نەبێ
نە بەرگەی تەنیایی ئەگرین
نە ساباتی ژووانمان بۆ چێ ئەکرێ.
نە توێشوی ئاوارەییمان پێ ئەبێ
تەنها عیشقە کە ئەتوانێ
بمانکات بە مەزنترین ئیمپراتۆر
تەنها عیشقە کە ئەتوانێ
جوانترین خەون و..
تەڕترین شادی و..
گەورەترین هێزی بەرگریمان بداتێ

## محەمەد کوردۆ

شیعرێك ماوەو نەتنووسیوە
ئەوەندە ساڵە وێڵی بە دوای
نوسینەوەی ئەو شیعرەدا
منیش هەر لە
دەستپێکی نوسینمەوە
شیعرێکی پڕ پرسیار
لە نوکی قەڵەمەکەم چۆڕی
ئەوەندە ساڵە وێڵم بە دوای
وەڵامی پرسیارەکانی

نێو ئەو شیعرە دێرینەدا

## تەها سلێمان

هەر چۆنێك بێ
بزەیەك لە سەر لێوی
خەمە ژنێکی گەرمیانی
یان ژنە عەیارێکی شکاو
یان داپیرەیەکی خەو زڕاو
بچێنە
دڵنیابە ئەو دەمە
عیشقێکت زیندوو کردۆتەوە
خەمێکت لە سێدارە داوە
مرۆڤێکت رزگار کردووە